# سیناریۆیەک لە چاوەڕوانی نۆبەتدا

**ڕزگار عومەر**
rezgar70ca@tyahoo.com

**ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی هەڕەشەی تورکیا بۆ داگیر کردنی کوردستان،ڕۆژ بەڕۆژ وسەعات بە سەعات ڕێڕەوی تازەو دوودڵی لەحەتمیەتی ئەم لەشکرکێشیە لەگەڵ خۆی دەهێنێ .چونکە ئەم ڕووداوانە،بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوانەی پشت بەوە دەبەستن کە هەورێکەو تێپەڕ ئەبێ، پەیامی ترسناک و شەڕی درێژ خایانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە ،ڕەنگە لە ڕۆژانی ئاینندە ڕاستەوخۆ و بەکردار هیچ کام لەو پەیامانە نەبینین و ڕووداوەکان هێمن ببێتەوە ،شەڕ و داگیر کردن بۆ کاتێکی تر هەڵبگیرێ،بەڵام بەرز بونەوەی ئەم ڕووداوانە،فاکتەری زۆری لە پشت بووە،ئەگەر بێتوو ئەم فاکتانە بنەبڕ نەکرێن ،یان چارەسەر نەکرێن ،ئەوا سەرلەنوێ بەرەو ڕووی ئەم چارەنووسە دەبینەوە.**



**هەڕەشەی سوپای تورکیا،بۆ داگیر کردنی کوردستان و زەوت کردنی ئەو فۆرمە لە ئازادی ، ئامانجی زۆری لە پشتە،ئێمە هەمووومان کە وەک هاوڵاتی کورد،ئەم هەڕەشەیە دەخوێنینەوە،دەزانین ئەمە پەیوەندی بە** p.k.k **نیە.بەڵام لەدەرەوەی ئەم خوێندنەوە دروستەی هەموومواندا،ڕووداوی تر هەیە،کە ئێمە بۆ بینینی تورکیای ئەمڕۆ،بە تەنیا مانەوەمان لە پەنجەرەی کوردستانەوە،دەستمان پێ ی ناگا. لەدەرەوی خوێندنەوەی ئێمەدا،دونیاک ڕاستی تر هەیە،سوپای تورکیا ودەولەتەکەی خستۆتە ژێر فشارەوە.**

**تورکیا بۆ دەرباز بوون لەم فشارانەو سوک کردنی قەیرانە هەمیشیەکانی،دەستی داوەتە بەکارهێنانی کارتێکی گەورەی کاریگەر،نەک تەنیا بەرامبەر ئەزموونی کوردستان ،بەڵکو لە بەرامبەر ئەمریکا ،ئەوروپا،ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .جدی بوونی تورکیا لەم سەرکێشیە ناعەقڵانیە،بەو مانایە نیە کە تەنیا بە زیانی ئەو تەواو دەبێ ،بەڵکو زیانەکان کاریگەر دەبن لەسەر ئەزمونی کوردستان ،لەسەر ئایندەی ناوچەکە،کە ڕەنگە کاریگەریەکانی درێژ ببێتەوە بۆ چەندین نەوە لە نەسلی میلەتەکانی ناوچەکە،لەجێگیر کردنی دوژمنایەتیە خوێناویەکان ،لە کلتوری پڕ لە عیلەتی سیاسی .**

**خۆ جیاکردنەوە،لەو تەرح وداڕشتنانەی وێب سایتە کوردیەکان ومیدیاکان کە لەگەڵ هاتنی ڕوداوی گەورەی لەو بابەتە ڕووی یەکەمی داگیر دەکا کارێکی ئاسان نیە.چونکە سادە کردنەوەیەکی قوڵی ساویلکانەی پڕ لە دروشم،لەسەر دەستی هەندێ نووسەر،خەریکە دەبێتە بەشێکی گەورەی هەلوێست و بیرکردنەوەی سیاسی، خوێنەرانێکی زۆر وا بەوە ڕادێن،کە هەڵوێست دەربڕین بووە بە ووتنەوەی خیتابێکی حەماسی بە کۆرس و یان بە تاک.ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە لە چەقی ڕێگایەک وەستاوین،ئەوەندەی پێویستمان بە ڕاستگۆیی و واقیعبینیە لەگەڵ خۆمان،ئەوەندە پێویستمان بە جوینەوەی ئەو کلێشانە نیە،کە زەمینەی مێژویی و مەوزوعی خۆی لەدەستداوە.ئێمە دەتوانین ورياتر پشت لەو دۆگمایانە بکەین،کە لە ڕێگای خیتابی کۆنەوە بە دوێنێ دەمانبەستێتەوە،دەتوانین ببین بە بەشێک لەو میسۆدەی لۆژیک و هەڵوێست لە سیاسەتکردنێکی عەقلانیدا بە یەکەوە یەکڕەنگ دەکا.**

**ئەزموونی کوردستان لە ژێر هەرەشەدایە،ئەم قسەیە چ من بیکەم وەکو نوسەرێکی کورد،چ برایەکی کاسبکارم بیکا،چ مامۆستایەکی زانکۆ،یان سەرکردەیەکی کورد بیکا،گرنگیەکی ئەوتۆی نابێ،ئەگەر بەدوای خۆیدا شی کردنەوەیەک لە سروشتی ئەم هەڕەشەیەوئاکامە موحتەمەلەکانی بە دوای خۆیدا نەهینێ.**

ئەم نوسینە لە هەوڵی ئەوە دایە سروشتی ئەم هەڕەشەیە شی بکاتەوە.لە هەوڵی ئەوەدایە سەرنج بۆ ئەو ئەنجامانە ڕابکیشێ کە دەکرێ لە جێکەوتە بوونی سیناریۆی ئەم هەڕەشەیە،ببن بەکۆتایەکی پڕ لە تراژیدیای کۆمەلایەتی وسیاسی.

من لە گەڵ بۆچونێکی وادام، کە سیناریۆیەکی سیاسی کاریگەر لە ڕێگای میلیتاریزمەوە لە بەردەم ئەم ئەزموونە قوت بۆتەوە.چەندە ئەم سیناریۆیە هەر لە ئێستادا ئیمکانی جێ بە جێ بوونی هەیە،چەندە کاردانەوەکان لە بەرامبەریدا کاریگەر دەبن و لە چ قۆناغێک و ئەڵقەکانی ئیمکانی وەستانی یان کەمکردنەوەی زەرەرەکانی دەرفەتی بۆ دەمێنێ،هەموو ئەوانە دەکەونە ئەستۆی ڕێرەوی ئە ڕووداوانەی بەڕێوەن ،کە هەر ئێستا بەشێک لە دەرئەنجامەکانی بە سوودی تورکیا تەواو بوونە،کە بە درێژی دەگەڕێینەوە سەری.

لە ساڵی 1991 تا دەگاتە ساڵی 2003 پلانسازی هاوبەشی هەرسێ دەوڵەتەکە: تورکیا-سوریا-ئێران،زۆر ڕوخساری بە خۆیەوە گرتبوو.لە دوای ڕوخانی سەدام حوسێن ،بەشێکی زۆرینەی هێزەکانی پێک هاتەی حکومەتی تازەی عێراقی بە چاوپۆشین لە کابینەکانی،لەیەک خاڵدا کۆدەبنەوە،کە ئەویش هێشتنەوەی عیراق بە یەکگرتوویی.ئەمە پێویستی نەک تەنیا بە ڕاگرتنی ڕێکەوتنامەو مادە دەستوریەکان هەیە لەبابەتی مادەی 140،بەڵکو پێوویستی بە لاوازکردن یان نەهێشتنی ئەو ئەزموونە هەیە لە ستراتیژی دووردا.

حکومەتی عێراقی چەندە لاوازە بۆ بۆکارکردن لەو بوارەدا ئەوە باسێکی ترە،چونکە حکومەتی عێراقی،بە تەنیا لاوازە بەلام کە لە ئەمڕۆدا ببێ بە بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەتر،مەترسیەکەی هیچ کەمتر نابێ لە هەرسێ دەوڵەتەکەیتر.بە تایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەزمونی کوردستان بە یەکێ لە لاوازترین دەورەکانی 16 ساڵی خۆی تێدەپەڕێ.کە بە وردی دەگەڕێینەوە سەر خاڵی سەرەکی ئەم لاوازیە.

بەشێک لە سیاسەتمەدارن و خەڵکی کوردیش لەو بروایەدان کە ئەم هەڕەشەیەی تورکیا ،وەکو چەندین جاریتری هەڕەشەکانی و پڕ کردنی سنورەکان لە تانک و تۆپ ،بارودۆخێکی کاتی دەبێ و تێدەپەڕێ.ڕەنگە قسەکەی مام جەلالیش کە ووتی ئەم هەڕەشانە "هاش و هوشە" نموونەی زەقی ئەو بیرکردنەوەیە بێ . بەلام 10 ساڵ لەمەوبەر،لە کۆتایی مانگی ئابی 1996،ئەو شەوەی بەر لەوەی خەڵکی کوردستان بەرەبەیانی کابوسی 31 ئاب ببینن،لە تەلەفزیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەر مام جەلال قسەیەکی لەوبابەتەی بە سوپای عێراق و سەدام حوسێن ووت.

بەیان نامەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە 29 ئۆکتۆبەر 2007،واقیعانەتر مامەڵە دەکاو لەهەوڵی ئەوە دایە بەر بەم سیناریۆیە بگرێ.چونکە دڵنیان کە هاش وهوش نیە،بۆیە زمانی بەیان نامەکە نیشاندانی جۆرێک لە قبوڵ کردن یان دەستکاری کردنی بەشێک لە مەرجەکانی تورکیای لە خۆی هەڵگرتووە.

گرفتەکە ئەوە نیە،کە سوپای تورکیا مەرجە هێرش بکا ؟گرفتەکە ئەوەیەکە ئەم گەرم کردنەی تورکیا ئەگەر کاتی بێ،یان ئەڵقەی یەکەمی کۆمەڵێ ڕووداوی گەورە بێ،هیچ لەوە کەم ناکاتەوە،کە ئەم گەرم کردنەی بەدەر لە هەر کێشەیەکی تر،وێنەیەکی لە ئامادەیەکانی ئەم ئەزمونەی کوردستان نیشاندا .کە بە ئیش کردن لە سەر ئەم وێنەیە لە سەقفێکی زەمەنی دیاریکراودا،دوور نیە ئەم ئەزموونە یەکسان کرێتەوە بە هیچ ،یان ئەوەندە زیانی لێبدرێ کە ببێ بە پاشکۆیەکی بچووکی دەوڵەتی مەرکەزی یان یەکێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە.

پێش ئەوەی بێمە باس کردنی سروشت و پرسیارەکانی ئەمجارەی هەرەشەی تورکیا،لە بابەتی ئەوەی تورکیا بۆچی بە دیاریکراوی لەم بارودۆخەدا دەستی پێکرد ؟ لە ڕۆژی یەکەمی گەرم کردنی هەڕەشەکانەوە تا نوسینی ئەم وتارە،دەسکەوتەکانی تورکیا چی بووەو دەسکەوتە موحتەمەلەکانی تری چی دەبێ ؟ تورکیا چەندە ئیحتیمالی شکستی لە پێشە ؟ (کە مەرج نیە لە یەکەم سەعات و مانگی هێرشەکەی ببینێ )،دێمە سەر ئەو زەمینەیەی کە ئەم هێرشە دەیەوێ سوودی ڕاستەوخۆی لێ ببینێ و بە قازانجی ئامانجەکانی تەرخانی بکات.

## زەمینەکانی ئەم هێرشە

1- یەکەم جارە بەم قوڵیە،بەرژوەندەکانی تورکیا-ئێران-سوریا- مالیکی وبەشێکی گەورە لە حکومەتەکەی،لە باری کات و شوێندا،خۆیان لەبەردەم هاوئاهەنگیەکی بێ وێنەدا دەدۆزنەوە،بۆ زەربە لێدان لەم ئەزمونە.هاوئاهەنگیەک کە بەروبومی ئیش کردنی جدیانەی ساڵانێکی زۆری هەمویان بووە لەسەر دژایەتی کردنی ئەم ئەزمونە.ساڵانی ڕابردوش ئەم ئەزموونە هەمیشە لەبەردەم پلانی لەو بابەتە بووە،بەڵام ئەمجارە بیانووەکان وبەرژەوەندیەکان لە تەوقیتێکی گونجاودا بۆ هەموویان هاتۆتە پێشەوە.کە هیچ یەک لەم لایەنانە ناهێڵن دەرفەتی لەو بابەتە بە بێ دەسکەوت لە دەستیان بچێ.

2- خویندنەوەی تورکیا بۆ ئەزمونی کوردستان،بە پێچەوانەی دەیەی نەوەدەکان،لە جیاتی فەنتازیای سیاسی ،جۆرێک لە دڵنیایی تیایە،کە لایەنی کوردی و ئەم ئەزمونە،ئیمکانی نیە بەسەرکەوتوو دەربچن.لە کەمترین حاڵەتەکاندا ئەگەر بتوانێ بەشێک لەم ستراتیژە جێ بەجێ بکات دەتوانێ سودی لێ ببینێ.ئەو نایەوێ بە هیچ شێوەیەک بارودۆخەکە،وەکو سەردەمی پێش ئەم گەرم کردنە بمێنێتەوە.لەوە دەچێ دڵنیا بێ لە سەپاندنی لیستێک لە تەنازولاتی سیاسی بەسەر ئەم ئەزموونەدا.ئەو دەیەوێ سەرکردە کوردەکان و دەسەڵاتی سیاسی کوردی ناچار بکا،پاشگەزببنەوە لەسەر مەسەلەی کەرکوک وپلاتفۆرمەکانی کورد بۆعێراقی تازە.

3- لەم چەند هەفتەیەی دوایدا،تورکیا توانی سەر لەنوێ پێناسە کردنی p.k.k لەزمانی بەریتانیا و ئەمریکا ،بە تیرۆریست لە قەلەم بداتەوە.ئەمە ئەگەرچی بەمانای گڵۆپی سەوز نیە بۆ داگیر کردن،بەڵام فشارێکی گەورەی سیاسیە،یارمەتی تورکیا دەدا یاری بەو هەڵوێستانە بکا. هەروەکو ئەوەی توانی پەیوەندیەکانی ئەمریکا بە p.k.kوە بداتەبەر ڕەخنە.پەیوەندیەک کە ئێران لەڕێ ی هات و هاوار کردنی لەسەر پەیوەندیەکانی" پژاک " وئەمریکا نەیتوانی بیکات.ئێستا ئەمریکا حاشا لەبوونی ئەم پەیوەندیەی خۆیان و p.k.k دەکەن، لەو لاشەوە سەرکردەکانی تورکیا وp.k.k باس لە بوونی ئەم پەیوەندیە دەکەن.لە ئاستی ئەمریکادا ئەم جۆرە لە پەیوەندی زیاتر لە کەیسەکانی ئیران-گێت ی سەردەمی هەشتاکانی ڕیگان دەچێت،کە ئاشکرابوو ئەمریکا لە ڕێگای C.I.A چەکی بە ئێران دەفرۆشت و پارەکەی دەدایە کۆنتراکانی نیکاراگوا .تورکیا ئیش لەسەر ئەوە دەکا لەڕێگای زەق کردنەوەی ئەم پەیوەندیانە فشاربێنێ و چاوپۆشینێک لە حکومەتەکەی بۆش بە دەست بهێنیت .کە هەر کەسێک شارەزای مێژووی ئەمریکا بێ دەزانێ حکومەتی ئەمریکا " دۆستی هەمیشەیی یان نیە،ئەوان بەرژەوندی هەمیشەیان هەیە" لەسەر ئەم میسۆدە چاوپۆشینێکی مەحدودی ئەمریکا بۆ سنوور بەزاندن ئیحتیمالێکی واقیعیە.

4- تورکیا بەرەیەکی دیاریکراوی لە کورد ئامادە کردوە،کە سودی گشتیان لە وێران بوونی دەسەڵاتی سیاسی ئەم ئەزمونە هەیە.ئەم بەرەیە پێک هاتووە لە کۆکتێلێک لە هێزە ئیسلامیەکان و بەرەیەک لە حیزبە تورکمانیەکان ، لەگەڵ تویژێکی گەورە لە سەرۆک عەشیرەت و جاشەکان بە سەرۆکایەتی ئەرشدزێباری.

دوو هۆ ئەم تێزە بە هێز دەکا،یەکەمیان ناسیۆنالیزمی عەرەب لە شەخسیەتی بەشێک لە حکومەتی عێراقی،ساڵی 2006دا ئۆفیسی ناونوسینی بۆ سەرۆک جاشەکان و موستەشارەکانی لە هەولێرو موسڵ و شارەکانی تری کوردستان کردەوە.حکومەتی مەرکەزی ویستی ئەم توێژە کۆمەڵایەتی—سیاسیە لەڕیگای بەڵین دان بۆ گەڕاندنەوەی ئیمتیازاتە لە دەست چوەکانیان لەڕاپەڕینی 1991دا سەرلەنوێ بە مونەزەمی بهێنیەتەوە نێو شانۆی گۆڕینی هاوکێشە سیاسیەکان بە دژی ئەم ئەزمونە. ئەوەی جێگای سەرنج بوو ناونوسینەکان ژمارەی زۆرو سەرنج ڕاکێشەر بوون!

حکومەتی عیراقی ئەم پلانەی فەشەلی هێنا،چونکە وەزارەتی پێشمەرگە هەڕەشەی ئەوەی کرد،کەلێبوردنە گشتیەکەی سەبارەت بە جاشەکان لە ڕاپەڕینی 1991 دا هەڵدەوەشیتەوەو دەدرێنەوە بە دادگا.ئەم کارتە بێجگە لە حکومەتی عیراقی،سوریاو میسریش بۆ دەست تێیوەردانیان لە کاروباری کوردستان و عیراق دەستیان بۆ بردوە،بەڵام تورکیا بە مونەزمترەوە دەستی بۆ بردو تەنانەت حیزبێکی بە ناوی "عەدالەت" بۆ قەسابێکی وەکو ئەرشەد زێباری دروست کردووە،کە لە هەموو بەندەکانی بەرنامەی حیزبەکەی تەئکید لە ڕووخانی ئەم ئەزمونە دەکاتەوە.

دووەم،تینوێتی ئیسلامیەکان بۆ دەسەڵاتی سیاسی ،چاوەڕێ ی کردنی نۆبەتیان لە دەرچون لە هەلبژاردنەکانی کوردستان بەقەناعەتێکی گەیاندوون،کە ئەمان ئەم شانسەیان قەت لەم ڕێگایەوە بەدەست ناکەوێ،ئەگەر دەستیشیان کەوێ لێیان دەسێنەوە.

ئاشکرابوونی سروشتی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ موخابەراتی عێراقی وهاتنەویان لەگەڵ هەر پلانێک کە پرۆسەی هاتنە سەر دەسەڵاتیان خێراتر بکا ،میسۆدێکی زیندووە ،کە تورکیا زیرەکانە،سودی لێ دەبینێ،بە تایبەتی بوونی حیزبێکی ئیسلامی خاوەن هەمان ئەجێندای یەکگرتوو لە تەختی حکومەت لە تورکیا،ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەکارهێنانی ئەم کارتە.چونکە بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان دەبینێ،حیزبواڵڵە لە لوبنان ئێران بوو کردی بەم قەوارەیە،دەبینێ حەماس لە فەلەستین سعودیە بوو کردی بەم قەوارەیە،تالیبان لە ئەفگانستان پاکستان بوو کردی بەم قەوارەیە،هیچ ڕێگریەک لەبەردەم یەکگرتو و هاوپەیمانەکانی نیە،کەبە شوێن هەمان ئەو خەونەوە نەبێ.

## هۆیەکانی بەرز کردنەوەی ئەم هەڕەشەیە لەمڕۆدا

ئێستا دێمە سەر ئەو هۆیانەی،کە وای لە تورکیا کرد لەو بارودۆخەدا ئەم هەڕەشانە بەرز بکاتەوە.ئایا دەسکەوتەکانی چی بووە ؟ چ ئاکامێک چاوەڕوانی دەکا ؟ هۆیەکانی بەرز کردنەوەی ئەم هەڕەشەیەو تەوقیتەکەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەندێ فشاری نێو دەوڵەتیەوە هەبووە،کە وای لە تورکیا کرد بە ڕەچاو کردن و حیساباتی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەستی بۆ ببات .ئەم فشارە نێو دەوڵەتیانە بە پێچەوانەی هەندێ لە نوسینەکانی کوردی لە ئەنتەرنێت دا پەیوەندی بە چالاکیەکانی پەکەکەوە نیە . ڕاستیەکەی تورکیا لە هەموو کەس زیاتر سودی لەو چالاکیانە بینی !

من سێ هۆی سەرەکی دەبینم کە وای لە تورکیا کرد،ئەم تەوقیتەو ئەم شێوازە جدیە لە هەڕەشە هەلبژێرێ.هۆی یەکەمیان هۆیەکی ستراتیژی و گشتیە،کە پاڵی بە تورکیاوە ناوە زۆر هەنگاویتر بکا کە پەیوەندی تەنیا بەمیلتاریزمەوە نیە،بەڵکو پەیوەندی بە قەیرانێکی تری گەورەترەوە هەیە.لە خوارەوەدا باس لەم سێ هۆیە دەکەم:-

1- گەڕانەوە بۆ ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو زلهێزێکی ئیقلیمی.پاش دەیان ساڵ لە بێ ئومیدی بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورپا.

2- هەڵوەشاندنەوەو،ڕێگە گرتن بە جێبەجێ کردنی ئەو بۆچون و پلاتفۆرمە سیاسیەی،کەلەم ساڵدا ڕەواجێکی زۆری پەیدا کرد لە نێو نێوەندە سیاسیەکانی ئەمریکا بۆ دابەش کردنی عێراق و کردنی بە سێ دەوڵەت .جێ بەجێ بوونی پلاتفۆرمی لەوبابەتە،بێ ئەوەی سەهمی راستەوخۆی تورکیای تیا بێ کابوسێکی گەورەیە،لە ڕوانگەی تورکیادا یان دەبێ ڕێ ی پێ بگیرێ ،یان دەبێ لە حاڵەتی بوونی بە ئەمری واقیع بە قازانجی خۆی بێ.

3- ئەم هەڕەشانەی تورکیا بۆ سەر کوردستان ،بە تەعبیری گۆڤاری ئیکۆنۆمیست "پەیوەندیەکی ترسناک ولقداری بەو هەوڵەوە هەیە لە لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئەمریکا بۆ یاسای ناساندنی کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنەکان وەکو تاوانی جینۆساید".

## گەرانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



تورکیا چەندین ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە ئەندامەتی لە یەکێتی ئەورپا بە دەست بێنێ. مەیئوس بوونی تورکیاله وتوێژە بێ سەمەرەکانی لە گەڵ یەکیتی ئەورپا،وای لە تورکیا کردووەبە تایبەتی لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و شەڕی کوێت بە دوای ناسنامەیەکی سیاسیدا بگەڕێ کە سەر لەنوێ وجودی سیاسی خۆی پێ پێناسە بکاتەوە.

ئەم میئوس بوونە تەنیا حکومەت و سوپاش ناگرێتەوە ،بەلکو کۆمەڵگەی تورکیاش دەگرێتەوە.بۆ نموونە سەپۆرت بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپا لە نێو خەڵکی تورکیادا لەسەرژمێریەک کە لەساڵی 2002کراوە ،بریتی بوو لە 74% کەچی ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ 50% لە ساڵی 2007دا !

مەترسی ئەم دابەزی بوونە لە گۆشەیەکیدا بریتیە لەوەی ترس لە پڕۆسەی ئەندام بوون ڕەنگە زۆر لە ئاکشنە دڕەندەکانی ناسیۆنالیزمی قفڵ دابوو،بەڵام حیساب نەکردن بۆ پڕۆسەی ئەم ئەندام بوونە یانی والا کردنی هەڵوێستە دڕەندەو توندوتیژەکان.



قەیرانە ئابوری و سیاسیەکانی تورکیا وای لێکردوەپەنا بۆ زۆر شت ببات.بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیانی تورک ،نەک تەنیا بە زەماوەندو دەهۆڵ وزوڕنا لەکۆڵاندا ڕۆڵەکانیان دەنێرن بۆ خزمەتی سەربازی،بەڵکوحیکمەتێکی کۆنی عوسمانی دووبارە دەکەنەوە،کەدەڵێت :- ((تورک میلەتێکی سەربازە)) ئەمە ئەگەرچی تەعبیرە لە تراژیدیای بەرهمهێنانی هاوڵاتیەک کەبیرتەسکی ناسیۆنالیزم دونیای بۆ دەخوێنێتەوە،بەڵام لەهەمانکاتیشدا لەوە ترسناکتردەربڕی دەست ڕۆیشتوویی سوپاشە لە سیستەمی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی وولاتێک .دەست ڕۆیشتنێک کە نەک تەنیا میلەتی تورک،بەڵکو میلەتانی ناوچەکەش تا ئەمڕۆ باجی دەدەن.

تورکیا سیستەمە سیاسیەکەی بە جۆرێکە کە دەوڵەت و سوپا ئاوێتەی یەکتر بوونە.هەرچی جارێک هێزێکی سیاسی گەیشتۆتە سەر دەسەڵات ویستۆیەتی ئەم ئاوێتە بوونە کەمڕەنگ کاتەوە ،بە کۆدەتای سەربازی دەرکراون لە دەسەڵات.فۆبیای ڕیفۆرم لەو سیستەمە،لە دڵی توێژێکی گەورەی ئەو ژنەڕاڵە بیرتەسکانەی تورکیادایە،کە نایەنەوێ ئەم ئالۆزیە،ئەم ستایلە لە دەوڵەت،بە هیچ شێوەیەک کەمڕەنگ بکرێتەوە،بیر تەسکیەک کە سەفیری ئەمریکا لە تورکیا بە پێناسەیکی سادە ووتی " تورک بێجگە لە تورک دۆستی تری نیە " !

ئەمە ڕێگری سەرەکیە لەوەی هیچ حکومەتێکی تورکیا بتوانێ لانی کەمی مەرجەکانی ئەندام بوون جێبەجێ بکا.سکولاریزم بە مانا قوڵەکەی لە دیموکراسی وژیانی مەدەنی وجودی نەبووە لە تورکیا،سوپای تورکیا لەگەڵ دروست کردنی دەوڵەتی تازەی تورکیا بە ناوی سکولاریزمەوە،تەبنی تێکەڵ و پێکەڵێک لە ئایدەلۆژی ناسیوناليستی دەمارگیرو ریفۆرم لە پاشماوەی شێوەی ئیداری دەوڵەتی عوسمانی کرد. هەرخۆشی لە کاتی نزیک بونەوەی مەترسی لەو دەسەڵاتە موتڵەقەی خۆی،پەنای بردۆتەوە زیندوو کردنەوەی ئەو هێزانەی کە ڕیفۆرمی لە دژی بەکارهێناون،نموونەی زیندوو کردنەوەی هێزە ئیسلامیەکان لە هەفتاو هەشتاکانی چەرخی بیست دژ بە چەپەکانی تورکیا ،یارمەتی ڕاستەوخۆیان لە قەتل وعامی چەپەکان شایەدی بچوکی ئەم نمونانەن.

لەگەڵ ،کاڵ بوونەوەی ئایدەلۆژی ئەو فۆرمە شل وشێواوە لە سکولاریزم و هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان بۆ سەر تەختی دەسەڵات،ئەمجارەیان هەر هەمان دەمارگیری ناسیوناليستی نەیتوانی چیتر تەحەمولی تەنانەت ئەو فۆرمەش بکا لە سکولاریزم.گەڕانەوە بۆ شانازی کردن بە سەردەمی عوسمانی، ئاوێتەیەک لە ئیسلام و ناسیۆنالیزم،بوعدی کۆمەڵایەتی وسیاسی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە،لە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی،لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا،کە هەر هەمووی لە ژێر بێ دەنگی و هەمکاری سوپاوە بەڕێوە دەچێ.

سوپا سوودی زۆری لەم گەڕانەوەیە بینی،بەو ئاقارە دەیبا کە سۆراخی بەرژواندیەکانی خۆی وەکو تاقە هیزی یەک لاکەرەوە تیادا مسۆگەر بکا،چونکە ئەم گەڕانەوەیە لەم چەند ساڵەی دوایداو تەنانەت لە سەردەمی نەجمەدین ئەربەکانیشدا چەند ئەکتیڤیتیەکی گەورەی دیبلۆماسی-سەربازی-ئابوری لەخۆیەوە نیشان داوە،بۆ سەر لەنوێ پێناسە کردنەوەیک بۆ تورکیا لە دونیای ئیسلامدا،بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا.

ئەم گەڕانەوەیەلە باری ئەمنیەوە بۆ تورکیا،لە ژێر یەک ڕستەدا خۆی کۆ دەکاتەوە،دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە.ئێران و سوریا سەرەرای ئیمزا کردنی چەندین ڕێکەوتنامەی ئابوری و سیاسی،بەلام چەندین ڕیکەتنامەی ئەمنیشیان لەگەڵ تورکیادا ئیمزا کرد بە تایبەتی سەبارەت بە دەرکردن وداخستنی بارەگاو ئۆفیسەکانی پەکەکەو تەنسیقی سەربازی بۆ هێرش بۆ سەریان.

لە باری ئابوریەوە،دوو رێکەتنامەی ئابوری زۆر گەورە ئێران وتورکیا کۆ دەکاتەوە. یەکەمیان ئەو رێکەوتنامەیەی نەجمەدین ئەربەکان سەبارەت بە رەوانەکردنی گازی سروشتی لە ئێرانەوە بۆتورکیا کردی ،کە ئەم ڕیکەتنامەیە لە ساڵی 1996 دەستی پێ کردووە تا 25 ساڵ درێژەی دەبێ.دووەم رێکەوتنامە دوو سەقفە لە خۆی دەگرێ،دانەیەکیان کە کۆمپانای زەبەلاحی تورکی کە بە (( TPAO ))ناسراوە وەری گرتوە بۆ دۆزینەوەو گەڕان بەدوای گازی سروشتی ونەوت لە ئێران.ئەوەیتریان بۆ رەوانە کردنی گازی سروشتی بە بۆڕی لە





تورکمانستانەوە بە ناو خاکی ئێراندا بۆ تورکیاو بۆ ئەوروپا.

پەیوەندیەکانی تورکیا لە گەڵ سوریا لە ساڵی 1998 ئەگەرچی لەشکرکێشی بینی بۆ سەر سنوری سوریا ،بەلام سوریا ملی دایە داخوازیەکانی تورکیاو ئۆجەلانی دەرکرد لە سوریا کە راستەوخۆ بووە هۆی گرتنی ئۆجەلان.

لە دوای ئەمانەدا پەیوەندیەکانایان،زۆر گەرمتر بوو.لە ساڵی 2005 دا بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا، یەکەم سەرۆکی سوری بووە کە لە ساڵی 1946 وە سەردانی تورکیای کردبێ.لە وەلامی ئەم سەردانەدا،سەرەرای فشارێکی زۆری ئەمریکاو ناڕازی بوونی،سەرۆکی تورکیاش لە بەهاری هەمان ساڵ 2005 سەردانی سوریای کردەوە.

پەیوەندیەکانی تورکیا بە مەسەلەی فەلەستینەوە،بوعدی تری بە خۆیەوە گرتووە.بە بێ پرس بە ئەمریکا و ئیسرائیل حکومەتی تورکیا میوانداری رەسمی ودیبلۆماسی سەرکردەکانی حەماس ی کرد لە ئەنقەرە.پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیسرائیلیش ڕۆژ بە دوای ڕۆژ رێکەوتنامەی ئەمنی وسەربازی بەدوای خۆیدا رادەکێشێ.بە کورتی تەوژمی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەکو زلهێزێکی ئیقلیمی نیازێکی زۆر جدیەو لە ئەمڕۆدا هیچ نیشانیک بۆ خاو کردنی ئەو تەوژمە لە ئارادا نیە.

## دابەش کردنی عێراق،کابوسە گەورەکەی تورکیا

گەڕان بە دوای چارەسەرێکی واقیعی بۆ عێراق،نێوەندە سیاسیەکانی ئەمریکای ناچار کردووە،کە بەدەر لە کۆت و بەندو ئیلتیزاماتی دیبلۆماسی پەیوەندیەکانی دەرەوەدا،تەبنی زۆربۆچون و ریگا چارە بکەن کە جیاوازە لە رای راگەیندراوی رەسمی حکومەتی ئەمریکا،یەکێک لەو بیرو بۆچونانەی کە پاڵپشتی بەهێز بۆ خۆی



دابین دەکا ،مەسەلەی دابەش کردنی عێراقە.
لەدەنگدانێکدا 75 دەنگ لە بەرامبەر23 دەنگ ،لە سێناتەکانی ئەمریکا دەنگیان بۆ دابەش کردنی عێراق دا،ئەم دەنگدانە بەهرەمەند بوو لە سەپۆرتی ((Sam Brownback)) لەجمهوریەکان و((Joe Biden))کە کاندید کراوی دیمکراتەکانە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی.ئەم بیرکردنەوە واقیعیە تورکیای بە ئەنجامێک گەیاندووە،کە دەبێ یان پێشی پێ بگرێ،یان لە حالەتی پارچە پارچە بوونی عێراقیش ، قەوارەیەکی کوردی لێ نەبێ،یان لە خراپترین حالەتەکاندا قەوارە کوردیەکە ئەگەر دروستیش بێ،لە لاوازی وشەڕی ناوخۆیدا نوقم کرابێ،شەڕێک کە دوورنیە،تورکیا هێزی لە بابەتی یەکگرتوو،جاشەکانی ئەرشەد زێباری بۆ تەرخان بکا،گرتنی شارێک ،یان شارۆچکەیەک،بەسە بۆ ئەوەی تۆی ئاژاوەیەکی بەردەوامی نەپساوە جێگیر بێ.

## یاسای ناساندنی کوشتاری ئەرمەنیەکان بە جینۆساید



لە 10 ئۆکتۆبەری 2007دا،واتە بیست ڕۆژێک لەمەوبەر،لیژنەیەکی پەیوەندیە دەرەوەکان،لە ئەمریکادا، پڕۆژەی بڕیارویاسایەکی خستە بەردەم نوێنەران،بۆ پێناسە کردنی کوشتاری ئەرمەنیەکان بە ژینۆساید.دوای هەفتەیەک لەم ڕووداوە واتە لە ئۆکتۆبەری 17دا پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ ،دەنگی بۆ داگیر کردنی کوردستان دا.
پڕۆژەی دەرکردنی یاسای ناساندی کوشتاری ئەرمەنیەکان بە ژینۆساید فشارێکی سیاسی زۆر گەورە بوو بۆ سەر تورکیا.چونکەناسیۆنالیزمی تورک قەت ناتوانێ بۆ هێشتنەوەی خۆی لە قودرەتی سیاسی ئەمە قبوڵ بکا،بۆیە پێویستی بە ئاکشنێکی گەورەتر بوولە زمانی دەربڕینی نارەزایەتی دیبلۆماسی، تا بتوانێ نەک تەنیا ڕێگە بەم کارە بگرێ بۆ ئایندەیەکی دیارکراو،بەڵکو حەسانەیەکی گەورە بۆ خۆی دروست بکا،لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا،کە دەوڵەتان پێش دەرکردنی هەر هەڵوێستێک دژ بە تورکیا ،حیساب بۆ وەڵامەکانی بکەنەوە.
بەڵام تورکیا بۆ وای لەئاست فەرەنسادا نەکرد کە هەمان بڕیارێکی لەم چەشنەی دەرکرد ؟ ڕاستیەکەی تورکیا لە زۆر بواردا،چەندین کارتی بە دەستە،لە دژی ئەمریکا بەکاری بهێنێ،بەڵام هیچ لەم کارتانەی بەدەست نیە دژی فەرەنسا بەکاری بهێنی.فەرەنسا وەکو ئەمریکا،پێویستی بە بنکەی سەربازی ئینجەرلیک نیە لە تورکیادا،فەرەنسا سوپای نیە لە عێراق و وەکو ئەمریکا غەرقی دەیان شکستی سیاسی نەبووە.بۆیە تورکیا بۆ بەرگرتن بەم پڕۆسەیە،ئەم هەرایەی بەرز کردەوە چونکە لە گونجانی تەوقیتەکەی،بە شێوەیەکە کە دونیا ئەم باسەی کوشتاری ئەرمەنەکانی هەر لەبیر نەما.

## لاوازیەکانی ئەزمونی کوردستان لە بەرامبەر ئەم هەڕەشانەدا



لێک دابڕانی دەسەڵاتی سیاسی وخەڵکی کوردستان لەیەکتر،دیارترین لاوازیەکانی ئەم ئەزمونەیە کەبەرەو ڕووی سیناریۆی شەڕو داگیرکردن بۆتەوە.ڕەنگە بۆ زۆر کەس ئەم تێزە قبوڵ نەبێ ،یان بە کاتێکی نەگونجاو بێتە بەرچاوی،ڕاستیەکەی ڕەوتی ژیانی واقیعی لە کوردستان زۆر لەوە ڕوونترە کە فرت وفێڵی لە گەڵ بکرێ یان سرودەکانی پاراستنی نیشتیمان بیشارێتەوە.
سەردەمانی زوو،لەسەردەمی شەڕی پارتیزانی دژ بە ڕژێمی بەعس،جۆرێک لە ئۆتۆریتەو خۆشەویستی بۆ حیزبە سەرەکیەکانی کوردی هەبوو .16 ساڵی تەمەنی ئەم حیزبانە لەدەسەڵات ئەم خۆشەویستیەو ئەم جەماوەری بە شوێنی تر گەیاند.پێشوتر ئەم حیزبانەو

سەرکردەکانیان بە هەموو کەم و کوڕیەکانیانەوە،لە ئاستێکی جەماوەری بەریندا، ڕەمزی بەرەنگاری و تێکەڵاوبوون بوون لەگەڵ جەماوەردا،یان بەلای کەمەوە ئەو وێنەیان لەزەینی زۆربەمان جێگیر کردبوو.
لەم ساڵانەی دوایدا،لە گەڵ ڕوخانی بەعس وکرانەوەی شەپۆڵەکانی بزنس وبیناکاری وبازرگانی .گەندەڵی وناعەدالەتی کۆمەلایەتی دەقاتی جاران قوڵتر بۆوە.هەژاریەکی بێ وێنە،دەوڵەمەندی بێ وێنە ڕوخساری کۆمەڵگەی داپۆشیوە.سەرکوتی سیاسی،لە تێهەڵدانی حیزبی بچووک ،لە ئیهانە کردنی ئازادی ڕادەربڕین ،لە قەدەغەکردنی بەرنامەی تی ڤی ،ڕاکێشانی ئەم نوسەرو ئەم ڕۆژنامەنوس بۆدادگا هەمووی وێنەیەک نیشان دەدا،لە سیستەمێکی تەواو نەخۆش.
لە گەڵ دەوڵەمەندتر بوونی دەوڵەومەندەکان و هەژارتر بوونی هەژارەکان،سەرکردەی سیاسی چیتر وەکو ڕەمزێک نەماوە بۆ بەرەنگاری! بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە بە ڕەمزێک بۆ شەرعیەت پێدانی جیاوازی چینایەتی و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی.گرانی وەکو چەمکێک کە خەڵکی ڕۆژانەژیانی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە،هەموو سەرنج و تواناکانی بۆ خۆی بردووە،ئیحساس نەکردن بەوەی کە دەسکەوتێک هەیە پێویستی بە پاراستنەو نابێ لە دەستی بچێ،لە زۆر ئاستدا بیرکردنەوەیەکی گشتی چین وتوێژی جیا جیای کۆمەڵگەیە،بە تایبەتی گەنجان.
ترسێک کە میدیای دەسەڵاتدار دەیروژێنێ ودەیەوێ خەڵکی پێ جۆش بدا،ترسی لە دەستچوونی قودرەتی سیاسیە.ئەم ترسە لەلای خەڵکی کوردستان مانای گەورەی دەبوو ئەگەر ئەوەندە تەریک نەکرابا لە سەرجەمی ژیانی سیاسی و بەهرەمەند بوون لە بەشێکی کەمی توانا ئابوریەکان و بژێوی. ئەمە ئەو ساتانەیە کە ناسیۆنالیزمی ئیتنیک لە دابراندا،لە سرود وتنەوەدا بە دوای جەماوەرەکەی دەگەڕێ .
لە دونیای دەرەوەدا،ڕاپۆرتەکانی ئەمینیستی ئەنتەرناسیۆناڵ،ئەم ئەزموونەی نوقمی ڕەخنەی کاریگەر کردووە.بۆیە بۆ ڕاکێشانی سەپۆرتێکی جەماوەری لە دونیای دەرەوەدا،بە موقارەنە کردن لەگەڵ دەیەی نەوەدەکان ئومێد کەمترە. چونکەئێمەلە زەین و نێوەندەکانی ڕای گشتیدا لە زۆربەی ولاتاندا، تەنها ئەو میلەتە نین کە جینۆساید دەکرێین ئاوارە دەکرێین ،بەڵکو ئێمە هەمان ئەو میلەتەین کە کچ وخوشکی خۆمان بە بلۆک دەکوژین ! ئێمە ئەو میلەتەین لە کاتی تۆڵەسەندنەوەدا منالی 9 ساڵی ئەتک دەکەین ودواتر لە گۆڕستانێک بە لەت وپەت کراوی تەرمەکەی فڕێ دەدەین. ئێمە ئەو میلەتەین بێ مەرج و بێ خوێندنەوە،لە پرۆژەی هەر شەڕو سیناریۆیەکی پنتاگۆندا لەناوچەکە، لە ئەمریکایەکان ئەمریکایترین . لە ساڵی 2003 دا کورد تاقە میلەتی دونیا بوو، کە بەشداری بزوتنەوەی ئەنتی شەڕی نەکرد،هەموو ئەوانەڕێگری کەم نین بۆ کۆکردنەوەی ڕای گشتی جیهانی.

## ئایا تورکیا شکست دێنێ ؟

ئومێدی چارەسەری ئاشتیانەو ڕێ گرتن بەم شەڕە ، لەبەر مەرجە قورسەکانی تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە،دوور نیە،لە ڕۆژەکان وهەفتەی داهاتوو جۆرێک لەسنور بەزاندن ڕوویدا.سەرەرای ئەوەش هێشتا گرنگە،لە ڕێگەی تێکەلاو کردنی UN وە هەوڵی بەرگرتن بەم لەشکرکێشیەی بگیرێ .



گومانی تێدا نیە زوو یا درەنگ،ئەگەر لەشکرکێشی بگاتە ئاستی داگیرکردن،هەڵسانەوەیەکی جەماوەری لەبەرانبەریدا شێوە بەخۆی دەگرێ.گرنگترین خاڵ دەکرێ ئەم هەڵسانەوەیە لە یەک کاتدا لەپەرچەمی خۆی بگرێ ئازادی وئاشتی بێ.
ئازادی بەو مانایەی کە نە بۆتورکیا ونە بۆ ئێران وسوریا وحکومەتی عێراقی هەیە بێنە کوردستانەوە،ئاشتی بەو مانایەی،کە بۆ پاراستنی ژیان و ئازادی خۆیان خەڵکی کوردستان ،دەتوانن لە ڕێگای UN وە ئامادەن ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە گەڵ دراوسێکانی خۆیان مۆر بکەن .

دروست بوونی هێڵێکی جەماوەری و بنیات نانی رای گشتی نەک تەنیا بۆ وەدەرنانی سوپای داگیرکەر،کە شەڕو کوشتن لەگەڵ خۆی دینێ، بەڵکو بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوەی ئەم ئەزمونە ڕێگایەکە دەکرێ هەریەک لە ئاستی خۆیەوە پۆستێکی لە ئەستۆی خۆی بگرێ.

دەکرێ ئازادی بەدەست بێ وشکست بەم سیناریۆیەی بێنێ،ئازادیەک کە نەک تەنیا سەربەخۆبوون دەپارێزێ،بەلکو دەیکا بە پرۆژەو سەردەمێکی تازە،بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی ،هەریەک لەم بەرەنگار بونەوەیە،لەیەک سەردەمدا ڕێ ی تێدەچێ.

سەرچاوەکان

1- Turkey Rediscovers the Middle East F.Stephen Larrabee
FOREGN AFFAIRS. Pages 103-114. July /august 2007

2- Turkey and America. The Economist. Pages 33-36.October 20th 2007

3- Its Time to face reality in Iraq. Peter W.Galraith. NATIONAL POST, October 25 2007

4- The Economist. Pages 45-47 September 3rd 2005